
خوێندنەوەی کتێب :بەشی -٢ -

**ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕوانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە**

و. لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەساڵح تۆفیق چاپی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هوشیاری سلێمانی- ٢٠٢١
بەرگی- ١ - ٥٤٤ لاپەڕە
هەڵۆ بەرزنجەیی. ١٨,١,٢٠٢٤




## ٣ -شێخ مەحموود.. سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردی لە کوردستانی عێراقدا، پاش جەنگی جیهانی یەکەم

**وەدیع جوەیدە**

هەڵبژاردنی ئەم باسە و بەدواچوونی لەو سەردەمە ئاڵۆزەی دارمان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی و هاتنی گەورەترین هێزی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و لە ئاستێکی باڵاتریشدا سەردەمی بزاڤی نەتەوەیی و گەرمەی ناسیۆنالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر شانۆی جیهان و بڵاوبوونەوەی بەندەکانی ولسۆن و زۆر گەشە و پێشکەوتنی تریش بایەخ و سەنگی ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە بەپێزە زیاتر دەکات...!

لە ڕاستی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر بابەتی و زانستییە و نووسەر بە دەستپاکانە و تەواو بەدیقەت و بەوردی پانۆڕامایەکی ئەو رۆژگارە ئاڵۆز و تژی لەباس و ڕووداوی هەڵبەز و دابەزی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەمان پێشکەش دەکات..

باسەکە لە دووتوێی ٧١لاپەڕەدا خراوەتە روو کە نووسەر پشتی بە ١٣٦ سەرچاوە و پەراوێز بەستووە...وەرگێڕ هەموو پەراوێزەکانی کردۆتە کوردی و بیۆگرافیایەکیشی بۆ نووسەر ئامادە کردووە.

دەبێ پێشەکی ئەوە لای خوێنەر روون بێت ، ئینگلیز پێش ئەوەی بێتە ناوچەکەی ئێمەوە ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ فەرەنسییەکاندا ڕێکەوتننامەی (سایکس - پیکۆ)یان لە نێوان خۆیاندا مۆرکردووە بۆ دابەشکردنی سەرزەمینی دەوڵەتی عوسمانی وەک میراتێک بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و کێشانی سنوورێکی سیاسی بۆ ناوچەکە کە بەرژەوەندی کوردی تێدا ڕەچاو نەکرا!... لە دەستگەیەکی گرنگی وەک دەوڵەت بێبەش کرا و بەزۆر کرایە چوار بەشەوە و بەخشرایەوە بەسەر دەوڵەتە تازە دروستکراوەکان دا! بەواتایەکی تر جانتای دیبلۆماسی و نەخشەی ناو هەگبەکەی ئینگلیز و فەرەنسا هیچی بۆ کورد تێدا نەبووە..!

باسەکان باسی پێشڕەوی ئینگلیز بۆ ناوچەکە هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییان بەسەر هۆزەکانەوە کردووە و سۆزیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و کاریان بۆ بکەن... دیارە ئینگلیز خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە مێژووی داگیرکاری بووە و وڵاتێکی پانوبەرین و فرە گرووپ و ئێتنیکی وەک هیندستانی لەژێر دەست دابووە..

کە هاتۆتە ناوچەکەوە هێشتا تورک هێز بووە و کاریگەریی لەسەر دەڤەرەکە هەبووە و پرسی هاوئایینی ئیسلام فاکتێک بووە بە سوودی تورک لەمەیداندا کاری کردووە..!

لەمەودای باسی پەیوەندی ئینگلیز بە هۆزەکانەوە ناوی هۆزەکانی باجەلان و تاڵەبانی سنجابی دێ .ئینگلیز وەک هێزێکی نوێ و براوە لە شەڕ و هەڵگری پەیامی ئاوەدانی و بونیاتنانەوە و پشتیوانی گەلان، سۆز و هەستی زۆری خەڵکەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە..

شێخ مەحموود وەک نوێنەری سەرەکی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی ، ئەم بیرکدنەوەی کە ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە گرنگە و دواتریش داوای ئەوە دەکات کوردی ئەوبەر سنوور بەشداری حوکمدارییەکەی بن، لێ ئینگلیز زۆر دژ دەبێت . شێخ هەوڵی داوە لەسەر زەمینەیەکی تۆکمە و تەندروست کار لەگەڵ ئینگلیزدا بکات .. ئینگلیز سەرەتا دڵخۆش بوون، دواتر ویستوویانە ملکەچی مەرامەکانی خۆیانی بکەن، شێخیش ئامادە نەبووە.. بەم پێیە کێشمەکێشی سیاسی و شەڕ دروست بووە و جارێ شێخ سەردەکەوێ و دواجار ئینگلیز.
نووسەدر ئاماژە بەوە دەدات سیستەمێکی خێڵەکی لە کوردستاندا کارا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ وەک نوێنەری دۆزێکی نەتەوەیی لە خۆی دەڕوانی و لە نامەکانیدا بۆ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز « داوای دەکرد کوردستان لە لیستی گەلانی رزگارکراو دەرنەکرێت !!«
مێجەر نۆئێڵ کە بەوە ناسراوە دۆستی کوردبووە، دێتە سلێمانی ئەرکی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پێسپێردراوە..
جوەیدە باس لە سیستەم دەکات ساندیمان و برووس یان مەلیکی کە دوو ئەزموون بوون ئینگلیز لە هندستان پێڕەوی کردوون و ڕایگوێزابوون بۆ کوردستان، لێرە شکست دەخۆن.
لە ١,١٢,١٩١٨ سێرئەرنۆڵد ویڵسنی دەچێتە سلێمانی و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە ئامادەبوونی سەرۆکی ٦٠ سەرۆک هۆز کە بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون لە ناوچەکانی سننە و سەقز و هەورامانی تەختەوە هاتبوون گفتوگۆ دەکەن و شێخ بەسەرۆک هەڵدەبژێرن. دیسان ئامادەبوونی هۆزەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر پێداگری شێخ بووە و هاوکات ئاماژەی ڕەگەزێکی نەتەوەییە لە بیرکردنەوەی شێخ دا و ئەو دەسەڵات و حوکمدارییە هەیبووە.
لە کۆبوونەوەی ناوبراودا وەک نووسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە دوو بۆچوون هەبووە :
١ -هەندێ هۆز وا خۆیان نیسان دەدا کەوا دەسەڵاتی بەریتانیایان لا پەسەندە
٢ -هەندێکی تریان داوایان دەکرد کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن لەندەنەوە بەڕێوە ببرێ
ویڵسن دەڵێ: هەندی لەسەرەک هۆزەکان بە دزی پێیان وتووە دەسەڵاتی شێخیان پەسەند نییە.. بەڵام دواجار ڕێکەوتنامەکە لەلایەن ٤٠ سەرۆکەوە مۆرکراوە...
دەمودەست شێخ و سەرۆکە هاوڕێیکانی وەک نوێنەری کوردستان بەڵگەنامەیەک دەدەنە حکومەتی بەریتانیا.. دواتر چەند نامەیەک لەنێوان شێخی حوکمداری کوردستان و ویڵسن دا ئاڵوگۆڕ دەکرێ!..
لەیەکێ لەنامەکانی شێخدا هاتووە:"داوا دەکات ئەفسەرە بەریتانییەکان بکرێنە بەرپرسی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت بن و وەکوو مەرجیش داوای کردووە لە خوار ئەوانە کاربەدەستی کورد نەک عەرەب دابنرێ..! "
نووسەر باس لەوە دەکات کەوا نوێنەری هۆزەکانی ڕۆژهەڵای کوردستان بەفەرمی داوایان کردووە ببنە بەشێک لە حکوومەتە سەربەخۆکەی کوردستان، بەڵام بەریتانیا دژ بووە.. گەر بهاتایە ئەم داوایە قبوڵ بکرایە ئەگەری بەهێزبوونی حکومەتەکە زۆر دەبوو. ڕەنگە لە دوارۆژدا هۆزەکانی تریش داوای ئەوەیان بکردایە ببنە بەشێک لەدەسەڵاتی کوردی !ئەمەش بۆخۆی دەستکەوتێکی گەورەیی نەتەوەیی دەبوو، ئەرکی ئازادیخوازی کوردی ئاسانتر دەکرد...!
دوای ئەم پێکهێنانە، هەتا دەهات دەسەڵاتی شێخ و حکوومەتەکەی بەهێز دەبێ و هۆزەکان لەدەوری کۆدەبنەوە! شێخ ورده ورده گوێی بە هەموو فەرمانێکی بەریتانیا نادات ..!کاروبار بەم شێوە بەڕێوە دەچوو.. ئەم دەسەڵاتە کوردییە ڕەخنەی توندی لەسەر ئەوە لێ دەگیرێ ، لەم میانەی دابەشکردنی پۆست و پلەو پایەکان بەشێکی زۆری دەداتە خزموکەسوکاری خۆی! .. دیاردەی گەندەڵی سەری هەڵدابوو! بەم جۆرە نیگەرانی خەڵکی لێ کەوتەوە و لەولاشەوە ئینگلیز نیگەران بوو لەوەی شێخ لەخۆی گۆڕاوە و بۆتە جێی مەترسی! بەدوای بیانوودا دەگەڕان سزای شێخ بدەن و وەک نووسەر ئاماژەی پێداوە مێجەر سۆن حاکمی شار زۆر ڕقی لەشێخ بووە ..
هەبێ و نەبێ لەهەوڵە کوردستانی و فراوانخوازی و بەهێزکردنە خودییەکانی شێخ نارەحەت بوون و شێخ هەموو شتی بەدڵی ئەوان نەکردووە !!وەک لە باسەکەدا هاتووە گوایە شێخ پرسی دیموکراسی کردۆتە قوربانی پرسی نەتەوەیی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کەوا شێخ لەخەمی دۆزە نەتەوەییەکەیدا بووە و ئینگلیزیش خۆشییان بەم هەوڵ و تێکۆشانە نەهاتووە!. و دوور نییە شێخ هەواوخەیاڵی ترشی لە مێشکدا

نەبووبێ، بەقازانجی بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی . لەم بارودۆخەدا پەیوەندی حکومەتەکەی شێخ و بەریتانییەکان تێک دەچێ .
ئینگلیزەکان هێندە ناڕەحەت دەبن و شێخ بەوە تۆمەتبار دەکەن کە شێتە یان منداڵە!.. هەوڵ دەدەن لەکەداری بکەن و ناوبانگی بزڕێنن.
کرۆکی بیرکردنەوە و ئامانجی شێخ ئەوەبووە کوردیش وەک گەلانی ناوچەکە بێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی! ئەمەش ڕاستەوخۆ دژی پلان و نەخشەی ئینگلیز بووە! ئیدی گرژی و ئاڵۆزی و لێکتر حاڵی نەبوون سەری هەڵداوە..
نووسەر دەڵێ : شێخ لەسەر بنەمای ناوناوبگی بنەماڵەکەی پێگەی بەهێز بوو! باپیری گەورەی شێخ مارفی نۆدێ زانایەکی گەورەبووە! حاجی کاک ئەحمەدی شێخی باپیری شێخێکی گەورە بووە! باوکی شێخ سەعید لە هەرای موسڵ گیانبەخت دەبێ !هەڵبەتە خۆیشی ڕێچکەگری ئەوان و گیانی کوردایەتی تێدا زۆر بەهیز بووە بەدوای خەونی
هێنانەدی ئاواتی نەتەوەکەیەوە بووە.. شێخ ئاگاداری گۆڕانەکانی جیهان بووە، دڵی بە ١٤ خاڵەکەی سەرۆکی ئەمەریکا ویڵسن و مافی چارەنووسی گەلان خۆش بوو.. ئاگاداری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە و هاوکات بەچاوی خۆی بزاڤی پان ئیسلامی عەرەبی و تورکی دەبینی! ئەمانە هەموو کاری تێدەکەن و ئەویش دەیەوێ لە خزمەتی کوردایەتی دوانەکەوێ!!
ئینگلیز هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی کەمکەنەوە .. گرژی ڕووداوەکان بە ئاستێک دەگات شێخ ڕازی نابێ و پەلاماری ئینگلیزەکان دەدات و شاریان لێ پاک دەکاتەوە ..!لە یەک قۆناغی گرژییەکاندا ئینگلیز دەشکێ و شکۆی ئیمپراتۆرێتی بەریتانی دەرووشێ، بەڵام لە دووەم گەڕدا بەهێز و سوپایەکی گەورە دێنەوە شێخ دەبەزێنن و ٤٨لە سوپاکەی گیان بەخت دەکەن و لەدەربەندی بازیان بەبریندار ی لەگەڵ ١٠٠ کەسی تردا دیلی دەکەن ..!
سزاکەی سەرەتا بە لە سێدارەدان دەدەن و پاشان بۆی دەکرێتە زیندانی هەتاهەتایی و دواجار بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ هیندستان دەدەن..
نووسەر هۆکاری شکستەکەی شێخ دەگێڕێتەوە بۆ: لاوازی ڕێکخستن و ناتەواوی سەرچاوە و دەرامەتی ژیان !کەمی و سادەیی چەک و تەقەمەنی و نزمی ورەی سوپاکەی بەهۆی نادڵسۆزی بەشێکی زۆری ئەوانەی لەگەڵی بوون!..لەهەقەتیشدا بۆ دەسەڵاتێکی بچووکی وەک حکومداری شێخ سەخت بووە، شەڕی شکۆی ئینگلیزی گەورە هێزی کۆلۆنیالیستی جیهان بکات ..!
نووسەر دەنووسێ: "هەڵبەت کاتی زۆر دەوێ بۆ کورد لەتەواوی ناوچەکەیاندا کە جیاوازییان بخەنە لاوە و کینە و ناحەزییان بەرانبەر بەیەکتر لەبیر بچێتەوە بۆئەوەی لەدژی نەیاری دەرەکی یەکگرن .."
ئەوەش هەقیقەتێکی بەهێزی تێدایە، چونکە دواتر زۆر سەرەک هۆز لەلایەن ئینگلیزەوە بە پارە لە شێخ هەڵگەڕانەوە وازیان لە پشتیوانیکردنی هێنا! دەبێ ئاماژە بەرۆڵی( مەحمودخانی دزلی مەحموود خانی کانی سانان و کەریمی فەتا ح بەگ) و چەند سەرەک هۆزێکی بدەین کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پشتیوانی دەسەڵاتی کوردبوون .. تەنانەت مەحمود خانی دزلێش وەک شێخ بۆ هندستان دوورخاوەتەوە ..!
لەم خوێندنەوەیەدا تێدەگەین دڵسۆزانی شێخ جگە لە موریدەکانی خۆی کەم بوون لەچاو تەواوی میللەتدا لە باشوور. ئینگلیزەکان هەموویان ئاماژە بەم خاڵە دەکەن!..ڕەنگە شێخیش توانای پێویستی نەبووبێ بۆ مامەڵە لەگەڵ ئینگلیزدا و تورکیش لەولاوە بەردەوام هەوڵی ئاژاوە نانەوە و ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی داوە !با لەبیرمان نەچێ دۆخی گەلانی تری ناوچەکە لە هی کورد باشتر نەبووە، بەڵام ئەوان (لۆزانس)یان بۆدروست کردن و کوردیش (بێل و کۆکس) تاسەر ئیسک کەوتنە دژایەتی !.. بۆنموونە کاتێ فرۆکەکانی ئینگلیز سلێمانی بۆمباران دەکەن بێل لە خۆشیدا بۆ مەرگی شێخ شایی گێڕاوە و بروسکەی ناردووە وەک هەواڵێکی خۆش بۆ دایک و باوکی ..!
باسەکەی وەدیع جوەیدە لە چوارچێوەی مێژوودا ماوەتەوە و دوورە لە هەموس باسە تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و شرۆڤە و پێناسەی ئەم دیاردانە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ناسیۆنالیزمی کوردی .. لەگەڵ ئەوەدا باسێکی بەپێز و چڕ و بەسوودە و مادبوونێکی زۆری نووسەری پێوە دیارە..
٤ -پێنج قۆناغ بۆ بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیادا.... م. هاکان یاڤوز
نووسەر توێژەرێکی تورکە لە زانکۆی یوتای ئەمەریکا وانەبێژە...

پرسی کوردی بەتایبەت لە باکوور- ئەو تورکیای نووسیووە- لەڕووی مێژوویەوە لەنێو کایەی سیاسی و یاسایی رۆشنبیریی تورکیا و کوردا باس دەکات ..شارەزاشە لە پرسی ئیسلام دا... دەیەوێ باس لەناسنامەی کولتووری کورد بکات لە پرۆسەی بە سیاسیبوون و هەنگاو نان بەرەو مۆدێرنە.. لەم رووەوە ٤ قۆناخی بۆ بەسەرکردنەوەی لە مێژووی کوردی ئەو بەشە دیاریکردووە بۆ نووسینەکەی و شەنوکەوی دەکات . قۆناغەکانیش بریتین لە ساڵەکانی:

١٨٧٨-١٩٢٤,١٩٢٥-١٩٦١,١٩٦٢-١٩٨٣,١٩٨٣-١٩٩٨

دواقۆناخیش لە گرتنی ئەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا ئەو کاتەی نووسینەکەی تێدا نووسیووە.. واتە دوایی ١٩٩٩... وە دەبینین سەرەتاوە لەدەوڵەتی عوسمانی تا روخانی و دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە دەگرێتەوە ..قۆناخەکانی تریش هەموو سیمای خۆیان هەیە و تژین لە رووداوی مێژوویی و سیاسی گرنگ. ئەم کارەشی ماندووبوونی زۆری پێوە دیارە و دەیەوێ لەم رێگایەوە بچێتە ناو باسی گەڵاڵەبوون و فراژبوونی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە..

نووسەر باس لە پارچەپارچەیی ناسنامەی کوردی دەکات و لە رووی زمان و ئاین و ئەلفوبێ و ناوچەییەوە.. ئەم بۆچوونانە چەند ڕاست و ئازاراوین بەڵام وەک دەبینین بەتەنیا کورد لە دۆخەکی وادا ناژی! ئەوەی ئەم دیاردەی لای کورد قوڵ و گرێیاوی کردووە بێ دەوڵەتییە.

لە میانەی ئاماژەدان بە سیاسەتی دەوڵەتی تورک و پلانی بەرەنگاربوونەی کورددا ٣ پلان دەخاتە ڕوو:

١ -سیاسەتێکی تێکەڵکردن بە تێکشکاندنی پەیکەربەندی و سترۆکتووی خێڵەکی کە باعادەت یاخیبوونی چەکداریی لێکەوتۆتەوە.

٢ -سیاسەتی بەشدارپێکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە لاسار و ناجێگیرانە.

٣ -سیاسەتی پەرت بکەوزاڵ بە لە رێگەی بەکارهێنانی عەشیرەتێکەوە دژ بەوی تر.

ئەم سێ میتۆدە سیاسییە زۆرێکی تری داگیرکەرانی کوردستان بەکاریان هێناوە! ئینگلیز لە ئیرلەندە و لە هیندستانیش بەکاری هێناوە ...!تورک بە درندانەترین شێوە پێڕەوی کردوەە ..چ تورک و چ ئەوانی تریش هێشتا نەیان توانی کورد لەناو بەرن..!

پاشان دێتە سەر رۆڵی هێزە ئایینی و سێکۆلارەکان دەکات چ رۆڵێکیان لەدارشتنی شوناسی مۆدێرنی کوردیدا گێراوە.. ئیسلام پەیوەست بە پرسی بە هێزێکی دولایەنە دادەنێ واتە یەکخەر و دابەشکار! دادەنێ .. وەک کوردی ئیسلامی سوونە و لەولاشەوە کوردی عەلەوی یەکەی دژ بە سیاسەتی ئەتاتورک و دووەم لایەنگری ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورک لەسەر ئایین!... عەلەوییەکان هەنگاوێکی تریش لە کوردایەتی دوور کەوتوونەتەوە و بوونەتە پاڵپشت و قەڵای ڕێبازی چەپ لە تورکیادا ..!

ئەم دابەشکارییە لە رووی ئاین و ئایدۆلۆژیاوە گەورەترین کۆسپی بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردییە .. دەسەڵاتی ناوەندی نەتەوەی باڵادەستیش بە ئارەزووی خۆی دندەی داوە و بەنزینی کردووە بە ئاگرەکەدا و برینەکەی قوڵتر کردۆتەوە!.. دەنا بە حوکمی چی کوردێکی عەلەوی دوای کۆمەڵکوژی دێرسیم و لەسێدارەدانی سەید ڕەزا و قارەمانەکاتر لەسەردەستی ئەتاتورکدا دەچنە سەر ڕێبازی ئەم بکوژە؟!... وەک چۆن هیچ جوویەک نییە چووبێتە سەر ڕێبازی هیتلەر ..!

لە بەشێکی تری نوسینەکە باس لەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا دەکات لێرەشدا پەیوەندی توندی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی بەدەردەخا.. نووسەد دەیەوێ بەزۆر ئەوە بسەلمێنێ ناسیۆنالیزمی کوردی ئاوێتەیەک ئیسلامییی پێوەیە، ڕاستە بەشێکی زۆری رابەرانی کلاسیکی کورد سەر بەئاینی ئیسلام بوون، بەڵام ئەوانەی بوونەتە قوربانی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاون نەک بۆ دامەزراندنی خەلافەت و دەوڵەتێکی ئیسلامی !

تورکیا کە لەسەر داروپەردووی دەوڵەتی عوسمانی دامەزرێندرا، نەیدەتوانی پێڕەوی سیاسەتی فرەنەتەوەیی لەو وڵاتەدا درێژە پێ بدات! بەڵکوو نکۆڵی بوونی هەر نەتەوە و کەمەنەتەوەکی لەدەرەوەی تورک لە تورکیادا کرد. دروشمی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک زمانی گرتە بەر..!

باس لەهەوڵەکانی شەریف پاشا بۆ کورد دەکات و دێتە سەر ئاماژەدان بەشۆڕشەکەی شێخ سەعید و دامەزراندنی کۆمەڵە سیاسی و کولتوورییە کوردییەکان.. ئەوەی جێی سەرنجە نووسەر دەنووسێ" کۆمار نکۆڵیی لە بوونی کورد نەدەکرد ، بەڵکوو گوتارێکی نوێی پەرەپێدابوو بۆ قسە و باسکردن لە بارەیانەوە

بێئەوەی وشەی - کورد- بدرکێنن بەواتا ئیتنۆ- نەتەوایەتییەکەی ."هۆکارەکەشی بۆ ئەو تێڕوانینە دەگێڕێتەوە کەوا کورد کۆنەپەرست و دواکەوتوو و مەترسیداربوون بۆ دەوڵەتی تازە تروکاوی مۆدێرن و سێکۆلاریتێتی !!!
خۆ گەر لەڕووی مێژووییەوە تەماشای ئەم دەربڕینە بکەین رابەرانی کۆمەڵە و گرووپە مۆدێرنەکان بەشێکی زۆریان کوردبوون! کوردێکی زۆریش دۆستی ئەتاتورک و دۆست و هاوکاری بوەن! کەواتە کوردیش گۆڕانکارییە جیهانییەکانی بە ئەندازەی خۆی وەرگرتووە پێ خۆشبووە ..!
ئەتاتورک دەیویست هەموو جیاوازییەکانی سەردەمی عوسمانی تێکهەڵشێلێ و بیکاتە تاقە ناسنامەیەک بۆ تورک و کردیشی !
تا سەرەتای سالآنی ١٩٦١ پرسی ناسیۆنالیزم لە کۆنتێکسێکی ئیسلامیدا دەخارە ڕوو، لەدوای ئەم مێژووەوە ئیدی نۆرەی سۆسیالیزم و چەپایەتی دێتە ناو رەوتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە!.. رۆڵی کوردە عەلەوییەکان لەم بوارەدا زۆر کاریگەربووە و لەناو پارت و کۆمەڵەکانی تورکیا گەورەترین هێز و گرووپ بوون و دەستیان بەدەرکردنی گۆڤار بە زمانی تورکی و کوردی و باس لەو ستەمەکراوە کە لەسەر کوردە ..
ئەم هەڵمەتە وا دەکات پارتی کاری تورک لە کۆنگرەی چواری خۆیدا ددان بنێ بە بوونی گەلی کورد لە ڕۆژگەلآتی تورکیادا، واتە نەک لە کوردستان دا؟ !هەڵبەت ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی باش بووە .کۆمەڵەی تریش دادەمەزرێن و نووسەر دەڵێ " بزووتنەوەی چەپڕەوی لەتورکیا هەمیشە دەیویست پێگە و بنکەی خۆی فراوان بکات لە ڕێگەی جەختکردنەوە و پێداگرتن لەسەر مەسەلەی کورد و عەلەوییەکان" .. باسی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلآت DDKOدەکات کە چەند لەگەڵ چەپی تورکدا ئاوێتە بوون ..!
ئەوجا باس لەوە دەکات کە (شەرەفەدین ئاڵچی) وەک وەزیرێکی حکومەتی ساڵی١٩٧٩ ی تورکیا کاتی رایگەیاند کوردە ئابڕووی حکومەتی تورک چوو، کە بانگاشەی دەکرد جگە لە تورک کەسی تر لە تورکیا نییە..!
نووسەر باس لە قۆناخی دوای کودەتای ١٩٨٠ و دامەزراندنی پ ک ک دەکات پێی وایە ":هیچ رێکخراوێکی کوردی بەئەندازەی پکک کۆنترۆڵی ئەقڵ و توانای کوردی نەکردووە ."ئەمەش ڕاستە و هەروەها ئاماژە بە خاڵێکی یەکلاکەرەوە لەسەر دەستفی رێکخراوی ناوبراودا دەدات ئەویش کۆتایی پێهێنانی پەیوەندییەکانی ئیسلام و خێڵ و ناسیۆنالیزم بە قازانجی ناسیۆنالیزم. هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا روونی دەکاتەوە کەوا پکک زیاتر ڕەخنەی لە ناسیۆنالیزمی تورکی گرتووە تا سیاسەتی دەسەلآت ..!
واتە لەبری شەڕی دەوڵەت کەوتە پەلاماردانی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئەم وەرچەرخانە بووە هۆی لە سەر هەڵدانی جیاوازیان لەگەڵ بزووتنەوەی چەپڕەوی تورکیادا.
بەخێرایی بیوگرافیای ژیانی ئۆجەلان و مێژووی دامەزراندنی پکک دەخاتە ڕوو. پێی وایە ئامانجی سەرەکی بریتیی بووە لە تێکشکاندنی ستارکتوور و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی و دروستکردنی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی کوردی ..! ئەوە باسی سەرەتاکانی ئەو پارتە دەکات! هەروەها پانۆڕامایەکی شەرو هەرا و کوژراوی نێوان کورد و تورکیا دەخاتەر بەرچاوی خوێنەر ..ئەوجا کە خەباتی چەکداری پکک گەشە شەکات و ئۆجەلان لە سووریاولوبنانەوە سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە دەکات، تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ و پەیوەندیی باشی بە ئیسرائیل و ئەمەریکاوە و دەوڵەتێکی بەهێز لە ناوچەکەدا هەڕەشە لەسووریا دەکات و ئۆجەلان دەردەکرێ و ئۆجەلان دەچێتە مۆسکۆ و لەو دالّدەی نادەن و دێتە رۆما و لەوێش ڕاناگیرێ یان خۆی دەڕوات و دواتر لە١٦،٢،١٩٩٩ لە نایرۆبی دەگیرێ و لە زینشدنی ئیمراڵی زیندانی دەکرێ!
ئۆجەلان لە دادگا باسی خزمەتی دەوڵەتی تورک دەکات و پێشاگری لەسەر دیموکراتی دەکات بۆ چارەسەری پرسی کورد و ئیدی بەدواتی ئەوەدا شتی سەیروسەمەرەمان دی کە بەناوی ئۆجەلانەوە بلآوکراوەتەوە ..
دیارە ناوبراو زیندانییە و کەس ناتوانێ جارێ ڕاستینەی قسە و بۆچوونەکانی بسەلمێنێ! چونکە لەخۆیەوە نەیان بیستووە.

نووسەر بەوردی باسی گۆرانکارییەکانی بیروبۆچوونی ئۆجەلان و سیاسەتی پکک دەکات بەرانبەر بە تورکیا ..
بە هەموو پێوەرێک پکک و ئۆجەلان لە پێش و پاشی گرتنەکەش کێشەی گەورەیان بۆ تورکیا لەسەر ئاستی ناوچە و جیهان دروست کرد..پرسی کوردیشی بردە قۆناخێکی گەورەترەوە ..و پرسی دیموکراسی لە تورکیا خستە ژێر پرسیارەوە ..!هەر بۆیەش نووسەر دەڵێ:" پرسی کورد شرینقەتەکی کوشندە و لەناکاوە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەوروپادا ."
تورکیا بە شەفەندەفەرەوە بەرێ کەوتبوو بێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا ئەم دۆخە و هەندێ پرسی تریش بۆی بووە کۆسپ و تا ئیستا وەرنەگیراوە !لەناو هێزە سیاسییەکانی تورکیا بە دەسەڵات و ئۆپۆزتنیسیۆنەوە ململانێ و گرژییەکانی قوڵتر و زیاتر کرد ..!ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی لەلایەن دەوڵەت و گووشاری ئەوروپا بۆسەر دەوڵەت و هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆن و تەرحەکانی چارەسەرکردنی پرسی کورد بووە باسی رۆژ!!
لەدوا بەشی توێژینەوەکەیدا بە ناوی ئەنجام، نووسەر وەک زۆری تر لە زانستکار و ئاکادیمستە تورکەکان تەنگ پوختە ی بیروڕاکانی خۆی دەخاتە ڕوو:
١ -کاتێ ئیمپراتۆری فرە ئێتنیکی عوسامنی دەروخێ و ڕژێم باشتر وابوو بنووسێ دەوڵەت !لەسەر بناخەی ئێتنیکی دادەمەزرێ، شوناسی کوردی بەم هۆیەوە ڕادیکالانە بەسیاسی دەبێ.
٢ -ئەم ناسیۆنالیزمە کوردییە ڕادیکالە خۆی هۆکارە کە ناسیۆنالیزمی تورکی بە سیاسی و میللی کردووە.
٣ -ئیمرۆ هۆشیاری کوردی لە هەڵکشاندایە، لەبەرانبەردا یەکگرتن کەمە بەخۆی ڕکابەری و نادڵسۆزییەوە.
٤ -پێویستە کورد تێبگەن دەرفەتێکی هەرێمی و یان سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان.
٤ -پێویستە لەسەر تورکیا دان بە مافە کولتوورییەکانی کورددا بنێ، ئاخر کێشەی کورد تەگەرەی دروست کردووە بۆ مافی دیموکراتی و گەشەکردن و بەرەوپێشچوونەکانی تورکیا بەرەو ئاراستەی ئەوروپا ..!
دەکرێ یەک بەیەکی ئەم دەربرین و بۆچوونانە شیتەڵ بکەینەوە، بەڵام بابەتەکە زۆر درێژ دەبێتەوە.. بەکورتی و کرمانجی نابراو کێشەی کورد لە پرسێکی کولتووریدا دەبینێ نەک دۆزێکی نەتەوەیی سیاسی دا!.. کورد نائومێد دەکات کەوا دەرفەتی بەدەوڵەتبوونی نییە! و لەپەرۆشی ئەوەدا بەو مێتۆدە سیاسیە تورکیا ناگاتە ئەوروپا.
خوێنەر ئاگادارە کەوا زانای گەورەی تورک د. ئیسماعیل بێکشچی بە تێزەکانی لەمێژە وەڵامی زۆری ئەم جۆرە بۆچوونانەی ئەم نووسەرە و دامودەزگا فەرمییەکانی تورکیا داوەتەوە..!
زۆر رۆیشتنی بەندە لەسەر ئەم بابەتە پەیوەستە بە هەڵکەوتی پرسی کورد لەم بەشەدا، بەهۆی ئەوەوەیە مێژووی نزیکەی چەند سەدەیەک دەوڵەتی عوسمانی و سەدەیەکیش تۆرانێتی ئەتاتورک و ئەوانی دوای هاتوون تا سوڵتانەکەی موسڵمان ئەردۆغانی ستەمکاری ئێستا و و رەنگە هی پاش ئەمیشی بگرێتەوە.!
بە پەراوێزەکانەوە ئەم توژێینەوە چرەی پرۆفیسۆر م. هاکان یاڤوز نزیکەی٦٠ لاپەڕەی گرتۆتەوە.

Alle Reaktionen:
٤٢Du, Kamaran Jamal, Omed Osman und ٣٩ weitere Personen